شاندی ئیمرالی لەگەڵ سەرۆکی حکومەتی هەرێم کەبوونەوە

مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێم لەگەڵ شاندی ئیمرالی - دەم پارتی بە سەرکایەتی هەردوو پەرلەمانتار سری سوورەیا و پەروین بوەدان کەبووە.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاندووە، شاندەکە خەشحالی خەیان بە سەردان و دیدار و کەبوونەوەکانیان لە هەرێمی کوردستان دەربڕی و کورتەیەکیان دەربارەی ئامانجی سەردانەکەیان و هەوەڵکانی پرسی ئاشتی لە تورکیا خستەڕوو و ئاماژەیان بەوەدا، کە ئەستا قۆناغێکی نوێ لە تورکیا دەستی پێکردووە و پرسی ئاشتی و چارەسەری دەزی کورد بووەتە بابەتێکی گرنگ و پەویستییەکی هەنووکەیی.

مەسرور بارزانی لەبارەی ئەو کەبوونەوەیە دەڵێت: جەختمان لە گرنگیی سوودوەرگرتن لە هەر دەرفەتێک کردەوە لە پێناو ئاشتی و سەقامگیریی و بەهێزکردنی بەیەکەوەژیانی ئاشتییانە و برایەتی نێوان گەلانی ناوچەکە و جیهان بە گشتی.

هەروەها پشتیوانیی تەواوی خەمان بە پرسی ئاشتی لە تورکیا و کەتاییهێنان بە شەڕ و توندوتیژی دووپات کردەوە و ئامادەیی هەرێمی کوردستانیشمان بە هەر هاوکاری و هاوئاهەنگییەک لەمبارەیەوە نیشاندا.